# چالاکیەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری کورد لە ئوسترالیا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ _ ٤ _ ٢٠٠٣ و لە درێژەی چالاکیەکانیدا ناوەندی ڕۆشنبیری کورد لە ئوسترالیا هەستا بە سازدانی سیمینارێک بۆ نوێنەرانی چەند حیزب و ڕێکخراوی سیاسی سەبارەت بە مەسەلەی ( شەڕی ئەمریکا و داهاتووی سیاسی کوردستان و عێراق) .

قسەکەرانی سیمینارەکە بەم جۆرەی خوارەوە بوون :

١ _ ئەحمەد معین لەلایەن بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست _ عێراقەوە
٢ _ سمکۆ هەڵمەت لەلایەن یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانەوە
٣ _ هەڤاڵ دەسکۆ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە
٤ _ مەنسوور ڕەزاقی لەلایەن کۆمیتەی پێشکەوتنخوازی کوردی ئوسترالیا دژی شەڕ
٥ _ جلال محمد لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوەو
٦ _ ئاشتی بیبانی سەربەخۆ

ئامانجی سیمینارەکە بریتی بوو لە گفتوگۆ و حیواری سیاسی و بەهێزکردنی لە ناو جالیەی کوردی لە شاری سدنی و گۆڕینەوەی بیروڕا لەم وەرچەرخانە گەورەیەی کە عێراق و کوردستان بەخۆیەوە دەیبینێت.

سیمینارەکە نزیکەی ٤ سەعاتی خایاند و خەڵکێکی زۆر تیا بەشدار بوون وئامادەبووان بیروڕا و سەرنج و تێبینیەکان سەبارەت بە قسەی بەشداربووانی سیمینارەکە دەربڕی و پاشانیش وەڵام و تێبینیەکانی ٦ کەسی ناوبراو باسکرا.

شایانی باسە کە سەرباری بوونی بیروڕا و هەڵوێستی سیاسی جیاواز سەبارەت بە شەڕ و سیاسەتی ئەمریکا و هێز و لایەنە سیاسیەکانی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لەوبارەوە سیمینارەکە لە چوارچێوەی حیوارێکی شارستانیانەدا بەڕێوە چوو.

شایانیووتنیشە کە کاک عباس بۆسکانی سەرپەرشتیاری ناوەندی ڕۆشنبیری کورد سیمینارەکەی بەڕێوە دەبرد.

ناوەندی ڕۆشنبیری کورد لە ئوستراليا
بەشی ڕاگەیاندن

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت